# بەلاتینیکردنی ئەلف و بێی کوردی

## تاقیکردنەوەی تورکیا وەک نموونە



ئیسماعیل تەنیا- ئەڵمانیا

✿ بەلاتینیکردنی ئەو ئەلف و بێ عەرەبییەی کە ئەمڕۆکە کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەنووسن، بۆتە باس و خواسی بەشێک لە نووسەران و ڕوناکبیرانی کورد، کە ناوە ناوە، لەم گۆڤار و لەو ڕۆژنامەدا، بڵاو دەکرێنەوە، هەر کەسە تێڕوانین و بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو و هەوڵ دەدات بەرامبەرەکەی ڕازی بکات، دوا بابەت لە بارەی ئەو مەسەلە هەستیارە خوێندبێتمەوە، بابەتەکەی هاوڕێی بەڕێزم کاک « نەجات عەبدوڵڵا»یە، کە لە ژمارە« ٤٦»ی ٢٠٠٥/٢/١ ڕۆژنامەی« ئاسۆ»دا، بڵاوکراوەتەوە، ناوبراو هەوڵ دەدات لە گۆشە نیگای زمانەوانییەوە، لایەنە سلبییەکانی بەلاتینی کردنی ڕێنووسی کوردی، بخاتە ڕوو.

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە، کارێکی هێندە قورسە بە بڕیاری نووسەرێک و دووان، یان سەرکردەیەکی سیاسی ناگاتە ئاکام .. هەڵبەتە بە ئاکام گەیاندن و سەرگرتنی ئەو پرۆسەیە، وێڕای زیانەکانیشی، گەلێک دەستکەوتی مەزن و پڕ بایەخی لێدەکەوێتەوە، کە گرنگترینیان، ئاسانکارییە بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو...

ڕێگا لەو ناحەزانەش دەگرێت کە بەبیانووی فرە دیالێکتی زمانی کوردی دەیانەوێت کوردەکان لە یەکتری دابڕن، وەک ئەوەی لە زمانەکانی ئەواندا فرە دیالێکت نەبێت،

ئەگەر سەیری ئەو پرۆسەیە بکەین لە تورکیادا، کە لەسەر دەستی «کەمال ئەتاتورک» لە ساڵی «١٩٢٨» بە ئەنجام گەیشت، دوای پرۆسەکە زۆر بێنەو بەردەی لێکەوتەوە، ئەتاتورک، لە پێناوی خۆ نزیکردنەوە لە ئەورووپا و دوورکەوتنەوە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئەو کارەی ئەنجامدا، کە هەڵبەتە دوای خۆی زۆر دەنگی ناڕەزایی لە نێوەندە جۆر بەجۆرەکان بەتایبەتیش ئیسلامییەکان، سەری هەڵدا، ئەو کارەی ئەتاتورک کە زێتر لە «٧٧» ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیووە، سەرەڕای هەوڵی بێ پسانەوەی لێزان و پسپۆڕەکانی بواری زمانناسی، هێشتاکە لە ڕووی فۆنەتیکەوە نەیتوانیوە داخوازییەکانی ئەو زمانە تێر بکات ..

هەر بۆ نموونە، لە ناوچەگەلێکی تورکیادا پیتەکانی«خ.ق» گۆ دەکەن، کەچی لە نووسیندا ئەو پیتانە نین و دەبنە «هـ، ک» « ئەنقەرە، قادن» لە کاتی نووسیندا، بە مەجبووری بە « ئەنکەرە، کادن» دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە. هەروەها « باخچە. خالید» دەبنە « باهچە، هالید» ...پیتی تریشی هەیە کە لە ئاخاوتن و گفتوگۆ کردندا بەکار دێن کەچی لە کاتی نووسیندا، لە ڕووی فۆنەتیکەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، کە ئەوەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، لە بۆکەم و کوڕی ئەو ڕێنووسە، جگە لەوەش، سەرەڕای لایەنە باشەکانی، زیانێکی گەورەشی لە کەلتوور و ئەرشیف و مێژووی ئەو میللەتە داوە، تورکەکان، زۆر شانازی بە مێژوو و « سەروەرییەکانی!!» ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەکانەوە دەکەن، کەچی نەوەی دوای بە لاتینی کردنی ڕێنووس هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بارەی ئەو قۆناغە مێژووییەوە، نییە.

ئەو هەموو بەڵگەنامە و ئەرشیفەی دەسەڵاتدارییەتی عوسمانییەکان، تەنیا ئەو کەسانە سوودی لێ دەبینن کە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزان و، سەرەدەری لە ئەلف و بێیە کۆنەکە دەردەکەون و دەتوانن وەک سەرچاوە سوودی لێ ببینن، ساڵی «١٩٩٦» لە ئەستەنبوڵ بووم، بەڕێکەوت لە گەڵ کۆمەڵێک تورک ڕێمان بە گۆڕستانێک کەوت ئەو کاتە من هەموو نووسراوەکانی سەرکێلەکانم بۆ خوێندنەوە، بێ ئەوەی تێیان بگەم، کەچی ئەوان سەیریان پێدەهات و دەیانگووت: تۆ کە تورکی نازانیت، چۆن دەتوانی تورکی بخوێنیتەوە، زۆر کەسایەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەو گۆڕستانەدا نێژرابوون، بەڵام خەڵکە عەوامەکە ناتوانن بیانناسنەوە.

ئەو کتێب گەل و یاداشت و بەڵگەنامەش، کە لە ئەرشیف پارێزراون، تەنیا ئەوانەیان خستۆتە سەر ڕێنووسی لاتینی کە لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی ئەتاتورک و سیستەمەکەی دەگونجێت، ئێستاکەش، خەڵکێکی زۆری تورکیا، بەتایبەتیش ڕەوتە ئیسلامییەکان. داخ و حەسرەت بۆ ڕێنووسە کۆنەکە هەڵدەکێشن... هەندێک وشە و زاراوەش هەن کە نووسینیان بەلاتینی زۆر درێژ دەبن و خویان لە « ٢٠-٢٥» پیت دەدەن، کەچی بە، ڕێنووسە کۆنەکە زۆر کورتتر دەبنەوە.

ئەو تاقیکردنەوەی تورکیا، دەکرێت وەک ئەزموونێک کوردیش سوودیان لێ ببینێت، لە کاتی پیادەکردن و نەکردنیدا، ئەگەر ئەمڕۆکە کورد هەوڵی بە لاتینی کردنی ڕێنووسی بدات، دەبێت ئەوەشی لەبەرچاوبێت، کە بە هەزاران دیکۆمێنت و سەرچاوە وبەرهەمی شاعیران و نووسەران، بە تێپەڕبوونی کات، لە بیر دەچنەوە و لە ناوو نازناو بترازێ، هیچ ئەسەرێکی تری نامێنێت... یاخود دەبێت هەوڵ بدرێت ئەو کەلتوورە زۆرەی کە لە ماوەی زێتر لە چوارسەد ساڵە پێی دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە، هەمووی بکرێنەوە ڕێنووسی لاتینی ..

جگە لەوەش،بەشێکی زۆر لە بەساڵدا چووەکانمان، بەتایبەتیش تەمەنی پەنجا ساڵ بەسەرەوە، لە خوێندن و نووسین بێبەش دەبن و ناتوانن لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم، بەهرەمەند بن.

ئەگەر ئەو کەسانەش کە لە ڕووی نەتەوە پەرستی و دڵسۆزییان بۆ ڕێبازی کوردایەتی، پێیان وایە ئەو ئەلف و بێیە هی عەرەبە، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەوە بیانوویەک نییە، چونکە ئەو ئەلف وبێیە بۆتە بەشێک لە کەلتووری زۆر لە نەتەوە موسوڵمانەکان، نەتەوەکانی فارس و ئەفغان و پاکستانیش بە هەمان ڕێنووس دەنووسن و، بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ فۆنەتیکی زمانەکانی خۆیان گونجاندوویانە و، زیاد و کەمیان لە ڕێنووسە عەرەبییە ڕەسەنەکە کردووە، هەروەک چۆن ئێستاکە کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات بە هەمان شێوە، ئەلف و بێ عەرەبییەکەیان لەگەڵ زمان و فۆنەتیکی کوردی گونجاندووە.

وڵاتێکی گەورەی وەکو ئێران کە لە ڕووی کەلتوور و مێژووەوە، بەقەد هەموو وڵاتانی عەرەبی دەوڵەمەندەو دەتوانین بڵێین فەرهەنگ و کەلتوورە چاپکراوەکانیش لەوانەیە بگاتە ئاستی فەرهەنگ و کولتووری هەموو وڵاتانی عەرەبی، سەرەڕای شانازی کردنیان بە ئارییەتی خۆیان، لەسەردەمە جیاجیاکاندا کە ئەوەندەش پابەند نەبوون بە ئایینی ئیسلامی، ئەوجا ڕێنووسەکەیان نەگۆڕیووە، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکردووە، ئەوە بەشێکە لە زیان و کەم و کورتییەکانی بە ئاکام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە، لەوانەیە ئەو بۆچوون و سەرنجانەی منیش سەرچیغ بن و لەلای یەکێکی ترەوە ئەلتەرناتیڤی گونجاو هەبێت بۆ پڕ کردنەوەی شاشی و لایەنە سلبیەکان..

ئەوە هەویرێکە ئاوێکی زۆری دەوێت مەرج نییە ئەوەی من بەڕاستی دەزانم، بەرامبەرەکەم پەسەندی بکات، گرنگ ئەوەیە هەوڵ و بۆچوونەکانی هەموومان لەبەرژەوەندی بەرەو پێش بوونی زمان و فەرهەنگی کوردیدا بێت و بە ئاقارێکیدا ببەین، کە شایستەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم بێت.■